**کۆتگرەی DEHAP لە ئەنقەرە**

**پەیامنێری کوردستان نێت / نورکیا**

یەکشەممە ٨-٦-٢٠٠٣ بەبەشداری ١٠٠هەزار کەسی کورد و دۆستە دیموکراتەکانی بە تورك و عەرەب و لاز و چەرکەز و سوریانی، کۆنگرەی DEHAP لە پایتەختی تورکیا شاری ئەنکەرە سازکرا، سەرەتا میوانان کە بەشی زۆری ئەندامانی پەرلەمانی ئەوروپا بون ووتەی پیرۆزبایی و پشتگیریان بۆ کۆنگرەکە پێشکەش کرد. هەروەها لە کۆنگرەکەدا ئەندامی پەرلەمانی ئەوروپا بەڕەگەز کورد (فەلەکناس ئۆجا) ویستی بە زمانی سکدایکی خۆی پەیامەکەی بخوێنێتەوە، بەلاّم ئەمن و ئاسایش و کاربەدەستانی دەوڵەت کە لەوێ ئامادەبوون ڕێگایان نەدا ئۆجا بە زمانی کوردی پەیامی خۆی بخوێنێتەوە بۆ ئەوە ناوبراو ناچارما بە زمانی ئەڵمانی پەیامەکەی خوێندەوە، بەلاّم جەماوەری هۆڵەکە بەهۆی کە زانیان ڕێگانادرێت ئۆجا پەیامەکەی بە زمانی کوردی بخوێنێتەوە، بەچەپڵە و هەلهەلە و دروشمی: بژی سەرۆك ئاپۆ-بژی کوردستان-بژی ئازادی بمرێ شۆڤێنزم هۆڵەکەیان هەژاند و کاربەدەستانی دەوڵەتیان شەرمەزارکرد.

شایانی باسە لە زۆربەی پەیامەکانی کۆنگرەکە لایەنگران و ئەندام وبەڕێوەبەرانی DEHAP سەبارەت بە کەم وکوڕیەکانیان ڕەخنەیان لەخۆیان گرت و پەیمانیان دا لە پێناوی بەدیهێنانی مافی گەلی کورد- دیموکراسی-دادوەری تێبکۆشن و دەست بە هەڵمەتی دیموکراتیزەکردنی تورکیا بکەن. لە زۆربەی پەیامەکاندا هەڵوێستی دەوڵەتی تورکیا سەبارەت بە ئاڵوگۆڕیەکان لە باشوری کوردستان و چەوساندنەوەی گەلی کورد شەرمەزار کراو هەروەها ئەو یاسایەی بەناوی یاسای پەشیمانی کە حکومەتی تورکیا چەند ڕۆژ لەمەوبەر دەری خستبووتاکو گەریلاکانی KADEKخۆیان ڕادەستی دەوڵەت بکەنەوە مەحکوم کرا. هەروەها خوازرا کە بەزوترین کات ئازادی گەلی کورد و ئازادی سەرۆکی گشتی کادەك عەبدوڵا ئۆجەلان دەستەبەر بکرێت.

ئەوەی سەرنج ڕاکێشبوو سەرۆکی پەرلەمانی تورکیا و سەرۆکی پارتی کۆماری دەنز بایکاڵ پەیامی پیرۆزباییان بۆ کۆنگرەکە نارد.

شایانی باسە تونجای باکرهان وەك سەرۆکی تازەی DEHAPهەڵبژێردرا.

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت